# تێپەڕ بوون لە میقات بەبێ نییەت هێنانی ئیحرام

[ kurdish – کوردی – كردي ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ تجاوز الميقات بدون إحرام ﴾

« باللغة الكردية »


فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2011 - 1432

IslamHouse.com

# تێپەڕ بوون لە میقات بەبێ نییەت هێنانی ئیحرام

**پرسیار :** حوکمی ئەو کەسە چییە کە لەپاش تیپەڕبوونی لە میقات نیەتی ئیحرامی هێنا و ئیحرامی بەست ؟ وەچی شتێکی دەکەوێتە سەر ؟

**وەڵام :** دروست نییە بۆ ئەو کەسەی کە ئەچێت بۆ شاری مەککە بەنییەتی بەجێهێنانی فەریزەی حەجی ماڵی خودا یان عومرە کردن، ئەو جێگایە تێپەڕ بکات کە پێی دەوترێت میقات بەبێ نییەت هێنانی ئیحرام و ئیحرام بەستن، ئەویش بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیە : عن ابن عباس رضي الله عنهما في الصحيحين لما ذكر المواقيت قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : "هن لهن ولمن أتى عليهن من غير أهلهن ممن أراد الحج والعمرة" ، ولقول الله تعالى: {تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَاۚ}واتە : کاتێك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ناوی تەواوی میقاتی گشت شوێنەکانی هێنا ودیاری کردن وپاشان فەرمووی : ئەم جێگایانە میقاتی خەڵکی

ئەو شوێنانەن لەگەڵ میقاتی ئەو کەسانەشی کە خەڵکی ئەو جێگایانەن نین بەڵام لەوێوە تێپەڕ دەبن، بەنییەتی حەج و عومرە کردن، خوای گەورەش فەرموویەتی : ئەمانە سنووری خودان وئێوەش سنوور شکێنیان مەکەن.

جا هەرکەسێك میقاتی تێپەڕکرد ونیەتی ئیحرام بەستنی نەهێنا وئیحرامی نەبەست پێویستە بگەڕێتەوە بۆ میقات ولەوێ نییەتی ئیحرام بهێنێت وئیحرامەکەی ببەستێت، خۆ ئەگەر نەگەڕایەوە وپاش تیپەڕبوون لەمیقات نییەتی ئیحرامی هێنا وئیحرامی بەست ئەوا فدیەیەکی دەکەوێتە سەر کە بریتییە لە سەربڕینی شەکێك لەحەرەمی مەککە ودابەشی بکات بەسەر خەڵکی هەژار ونەداردا، هەروەك عبداللهی کوڕی عەباس (خوایان لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی :" من ترك نسكاً أو نسيه فليرهق دماً " { رواه مالك في الموطأ والدار قطني والبيهقي} واتە: هەرکەسێك واجب

ونوسـوكێكی بەجیٚ نەهێنا یان لەبیری چوو ئەوا باخوێنێك بدات

_واتە ئاژەڵێك سـەرببڕێت _ .

خوای گەورە لەهەمووان زاناترە .